# عەلی مەحمود و ڕێکخراوی چاك بۆ دادگا ببەن!



ستیڤان شەمزینانی

ماوەی دوو ساڵە ڕێکخستنە کۆڵنەدەرەکانی پارتی و یەکێتی لە هۆڵەندا و سەرجەم ولاّتانی ئەوروپا لەتێکۆشانی بەردەوامدان بۆ سزادانی یاسایی (ڤان ئانرات) ی تاوانبار.

حکومەتی هەرێم بڕی (20) ملیۆن دۆلاری لەڕێی نووسینگەکەیەوە لە هۆڵەندا تەرخان کرد بۆ بەڕێوەبردن و خستنەگەڕی کەمپینی دادگایی کردنی تاوانباری نێوبراو.

ئەم هەوڵ و هەڵوێست و هەنگاوە دڵسۆزانەیەی پارتی و یەکێتی دوای ئەوە هات کە تاوانبارانی پرۆسەی شومی ئەنفال و ژینۆسایدی کورد لە دادگاکانی سلێمانی و هەولێر دادگایی کران و بەرۆژی ڕووناك بەسزای ڕەوای گەل گەیەنران.. لەو تاوابارانە:

(شێخ جەعفەر بەرزنجی، عەزەی نەهێ، قاسم ئاغا، حەمەی شێخ عەبدولکەریم هتد...) هەنوکەش رۆڵە بەجەرگەکانی زانیاریی و پاراستن هەروەك گلگامێش دەگەڕێن بەدوای تاوانبارانی ترو کۆنە موستەشارو بەعسییە کوردەکاندا.

سەرچاوەیەك لەو دوو دەزگایە پێی ڕاگەیاندین دەستیان لەکوشتن و ڕاونانی ئەندامانی یەکتر هەڵگرتووە و بەڵکو هەماهەنگییەکی پێویست و تەواو لەنێوانیاندا هەیە و سەرگەرمی ئەوەشن پرۆپۆزۆڵێك پێشکەش بە حکومەتی یەکگرتووی کوردستان بکەن تا داهات و نەسریە و موچەیان زیادبکرێ تاوەکو بتوانن تۆڵەی خوێنی ئاڵی شەهیدان لە عارەبەکانی عۆجەو فەلوجە و حەویجە بکەنەوە، سەرچاوەکە ئەوەشی ڕاگەیاند چەند شوعبەیەکی نوێ لە دەزگاکانیان کراوەتەوە، دیارترینییان هۆبەی بەدواداچوونی جەللادو تاوانبارانی کوشت و بڕی جەماوەری ستەمدیدەی کوردستانە.

بەپێی دوا زانیارییەکانیش هەنووکە هەریەك لە تاوانبارانی خوێنمژ (وەفیق سامەرایی) و (نزار عەبدولکەریم خەزرەجی) یەکەمیان لەئاکرێ و دووەمیان لەقەلاّچوالان لەزینداندان و وابڕیارە رۆژی 2006/3/16 لە هەڵەبجە بێنە دادگایی کردن.

دوابەدوای هەوڵی نەپساوەو بێ وچانی چەندین ساڵەی پارتی و یەکێتی لەدژی تاوانبارانی کۆمەڵکوژیی گەلەکەمان، سەرەنجام دارەکەیان بەری گرت و سەدامی هۆڵەندا ڕاکێشرایە بەردەم دادگای ولاّتەکەی، کادێران و ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتیو پارتی گەواهیدەری تاوانەکان و هاوکارییەکانی (ئانرات) بوون بۆ ریژێمی عێراقیی لەناوبراوە.

دوا بڕیاری دادگا ئەوەبوو ئانرات 15 ساڵ حەپس کردنی بەسەردا درا، کە ئەمەش دەسکەوت و سەرکەوتنێکی گەورەی تری گەلەکەمان بوو لەسایەی ژیریی سەرۆکە حەکیمەکانماندا.

لەلایەکی تریشەوە لەم نێوەدا نابێ رۆڵی ماسمێدیای حیزبەکانمان بەتایبەتی راگەیاندنی پارتی و یەکێتی فەرامۆش بکەین چونکە هەرچی ناکۆکی و ململانێی حیزبی و شەڕە جنێوو بەرنامە بێ لەزەتەکان بوو خستیانە

ئەولاوە بوو، سەرلەبەری بەرنامەو پرۆگرامەکانیان تەرخانکرد بۆ بەدوادا چوونی دۆسێی ئەم تاوانبارە و ئاشکراکردنی یارمەتییە بێ وێنەکانی بۆ سەدامی دیکتاتۆر.

سەرەڕای ئەمەش کەناڵی کوردسات و کوردستان تیڤی شەبەیەك پەیامنێر و راگەیاندنکاری خۆیان ناردە هۆڵەنداو بەوردی تەختیەی وەزعەکەیان کرد، مەسرەفیان ئەوەندە گران و زۆر بوو بەلایەنی کەمەوە خۆی لە 25 دەفتەر دۆلاری کاش دەدا... بۆیە لەگەڵ سەرکەوتنی پرۆسەکە دەستیان کرد بەشایی و لۆغان و هەڵپەڕین.

لەوبواری دیبلۆماتیشدا هەریەك لەسەرۆك کۆمارە کوردەکەی عێراق و سەرۆکی هەرێم بەفەرمی سەردانی هۆڵەندایان کردو لەگەڵ جەنابی سەرۆك وەزیران کۆبوونەوە بۆ تاوتوێکردن و دیالۆگ لەمەڕ فایلی ئانرات.

بەکورتی و کوردی ئەم سەرکەوتنەش درێژەی ئەو زنجیرە سەرکەوتنەی گەلەکەمان بوو لەچوارچێوەی عێراقی دێموکراتی... فیدراڵی، فرەیی دا بەدەستی هێناوە، وەلێ زۆر بەداخەوە کۆمەڵە کوردێکی ناکەس بەچەو خیانەتکار بەچەشنی جاشەکانی سەردەمی رژێم کەوتنە داکۆکیکردن لەم تاوانبارە و تادوا سنوری تواناییان بەرگرییان لێکرد، ئەو (زۆرلەکوردانەش!) بریتی بوون لە (عەلی مەحمود محەمەد) ناوێك و رێکخراوی چاك، ئەمانە بەپیتاکی کۆنە بەعسییەکان و هاریکاریی ژێر بەژێریی حیزبی بەعسی داڕووخاو و رژێمە دوژمنەکانی کورد هەموو هەوڵێکیان خستەگەڕ بۆئەوەی تۆمەتبار لەقەفەسی تاوان دەربهێنن و لەسزای یاسا قوتاری بکەن تا دوایی ئانرات لەکیسەی پڕی چەکفرۆشی خۆی مشتێك زەکاتیان بداتێ!

سەرچاوەیەکی ئەمنی ئاگادار کەنەیویست ناوی خۆی ئاشکرابکات ڕایگەیاند ئەو (عەلی مەحمود)ە لەسەرەتای حەفتاکانەوە لەحیزبی بەعسدا کاریکردووە و ماوەیەك لەرۆژنامەی (هاوکاری)و دواتر لە (ئاسۆ) و (پاشکۆی عێراق) لەبارەی قارەمانێتی سەرۆکی فەرماندە و جەنگی قادسیەی دووەمی پیرۆزەوە زۆر بابەتی بڵاوکردۆتەوە، دوای ڕاپەڕین لەترسی گیانی خۆی چۆتە (بەغداد) و لەگەڵ هەندێ مشەخۆری تردا لە گۆڤاری ڕەنگین و رۆژنامەی (بابل) کاریکردووە و لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادیدا، عێراقی لێ بۆیە کونە جرج و بەرەو هەندەران هەڵات و لەهۆڵەندا گیرسایەوە، واش باسدەکرێ چەندین ملیۆن دۆلاری بەعسی لەلای خۆی حەشارداوە و قسەش هەیە کە پەیوەندیی ژێربەژێری لەگەڵ سوریاو تورکیا هەیە چونکە چەندان جار لە قونسوڵخانەو ئۆفیسەکانی نوێنەرایەتی ئەو وڵاتانە بینراوە.

رێکخراوەکەشیان لەساڵی 1980 لەسایەی جەنگی جەنگەکان (ام المعارك – دایکی جەنگەکان) کەوتە گەڕ بۆ چەواشەکردن و خۆڵ خستنە چاوی خەڵکی کوردستانی خۆشەویست.

بۆیە ئەرکی حکومەتی هەرێم و حیزبە بالادەستەکانە ئەو تاوانبارانە ڕاپێچی دادگا بکات تا بە سزای گەل بگەن، گەر ئەمرۆش لەدەستی گەل قوتاربن (کە قوتارنابن) سبەینێ بەمیقسەڵەکەی شۆرش سەریان لەلاشەیان جوێ دەکرێتەوە، یەکێتی وتەنی تۆڵە بەسەبرە بەڵام بەزەبرە.

ئەوەشی مایەی ناڕەحەتییە بەردەوام ئەم جۆرە جاشانە لەکۆڵ کورد نابنەوە و بوونەتە ڕەگی گولیی ئەم میللەتە بێ بەش و کڵۆڵە.

دەزگای زانیاریی و پاراستن لە خۆسازداندان بۆ دەسپێکردنی هەڵمەتێکی واژۆکۆکردنەوە لەناوەوە و دەرەوەی وڵات لەدژی ئەم تاوانبارە خۆفرۆشانە و بەم زووانەش بە هەوڵی تۆڕی نهێنی لە ئۆفیسی هۆڵەندای پاراستن و زانیاریی دەهێنرێنەوە بۆ کوردستان و دوای دادگایی کردنیان لەشاری هەڵەبجەی شەهید لەبەرچاوی حەشاماتی خەڵکدا لەسێدارە دەدرێن.

هەر بۆیە ئەرکی هەموو کوردێکی دڵسۆزە بەشداریی لە پرۆسەی واژۆکردن بکات، بگرە ئەرکێکی نەتەوەیی و مێژوویی ترە و پاککردنەوەی کوردستانە لەپیاوانی بەکرێگیراو و عەمیلی بێگانە، بە راستی ئەی گەلی کوردی لێقەوماو ئەمەیە سەرەتای پاکسازی و چاکسازیی و بەرنامەکانی حکومەتی هەرێم لەپێناو دروست کردنی کوردستانێکی هەمیشە ئاوەدان و گەشەسەندوو.

تێبینی/ ئەم وتارە لەڕووی دارشتن و پەیام و ڕاستگۆییەوە پشتی بەستووە بە تیۆرو پڕەنسیپەکانی (محمەد سەعید سەحاف) ی وەزیری پێشووی راگەیاندنی عێراق کە خاوەنی بیردۆزی میسداقییەتی لەسەداسەد بوو لەراگەیاندندا، بۆیە لازمە هەر کوردێك باوەڕی لەسەدا هەزاری پیٚ بکات.

سلێمانی.